دوای سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانیان و شەریکی خەمیانین کە هێندە لە چاوەڕوانی دیدار و بێ هەواڵی ئازایزانیان دا بوونە، دەبێ چەندە رۆڵەی تریش بوونەتە سیاسەتی چەوتی پ ک ک کە جارێ ئاشکرایان نەکردوون . وەک رەخنە لەم هەڵوێستەی پ ک ک لە سایتی پێشمەرگەکان دانرا .

www.peshmergekan.com



ڕاگەیەندراوەکەی ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنیی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) دەربارە ٨ شەهیدەکەی خەڵکی ورمێ کە لەم دوایانەدا شەهیدبوونیان ڕاگەیاندرا، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

"هەڤاڵانمان تۆفان عەگید، ڕزگار ئامەد، مەعسوم حەبەش، شۆڕش جانسز، زنار ڕاپەڕین، سمکۆ ورمێ، عەگید هەرکی و ئەشرەف چیاگەر کە لە ڕیزەکانی گەریلاکانی ئازادیی کوردستاندا لە کات و شوێنی جیاوازدا شەهید بوون، بە ڕێز، خۆشەویستی و پێزانینەوە یاد دەکەینەوە.

هەڤاڵانمان کە لە ناو گەلی وڵاتپارێزی شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەورە بوون، لەسەر هێڵی فیدایی ئاپۆیی هەنگاویان نا و لە پێناو ئازادیی گەلەکەماندا گیانی خۆیان بەخت کرد، وەک پێشەنگانی تێکۆشان لە چیاکانی کوردستان ڕۆڵی خۆیان گێڕا. هۆشیاریی نەتەوەیی و کولتووری بەرخۆدانی گەلی ڕۆژهەڵات، لە کەسایەتیی ئەم فیدایانەدا بوو بە چالاکی و حەقیقەتی ئازادی. هەر هەڤاڵێکمان نوێنەرایەتیی پتەوترین ئیرادەی بەرخۆدانی دژی داگیرکاری کرد. ئەم فیداکارییە لە تێکۆشانی ئازادیی گەلەکەماندا بوو بە قیبلەنما و مەشخەڵێک کە هەرگیز ناکوژێتەوە. میراتی تێکۆشانی شەهیدانمان بوو بە قیبلەنمایەک کە ڕێگا نیشانی شوێنکەوتووانی دەدات، بوو بە چنارێک کە هەمیشە لە هەموو پارچەیەکی خاکی کوردستاندا سەوز دەبێت. باوەڕمان بێسنوورە کە گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەواوی گەلی وڵاتپارێزی کوردستان خاوەندارێتی لە شەهیدەکانیان دەکەن و هەمیشە دەبنە شوێنکەوتووی شەهیدانمان.

لەسەر ئەم بنەمایە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکانی شەهیدانمان، خەڵکی ورمێ و تەواوی گەلی کوردی وڵاتپارێز دەکەین. بەڵێن دەدەین لە هەموو هەلومەرجێکدا دڵسۆزی یادی شەهیدان بین و بێگومان ئامانجەکانیان سەربخەین."

زانیارییەکان دەربارەی ناسنامەی هەڤاڵە شەهیدەکانمان بەم شێوەیەن:



نازناو: تۆفان ئاگر
ناو و پاشناو: جەواد پلەفکەن
شوێنی لەدایکبوون: ورمێ
ناوی دایک – باوک: گۆزەڵ – سانەح
شوێن و کاتی شەهیدبوون: ٢٠١٠ / زاگرۆس



نازناو: ڕزگار ئامەد
ناو و پاشناو: بەهرام حەیدەری بەدرەش
شوێنی لەدایکبوون: ورمێ
ناوی دایک – باوک: نەزیفە – حووسێن
شوێن و کاتی شەهیدبوون: ٩ی ئایاری ٢٠١٢ / زاپ



نازناو: مەعسوم حەبەش
ناو و پاشناو: ناسر دەرۆیش
شوێنی لەدایکبوون: ورمێ
ناوی دایک – باوک: مازیجین – شەمسەدین
شوێن و کاتی شەهیدبوون: ٥ی نیسانی ٢٠١٨ / خواکورک



نازناو: شۆڕش جانسز
ناو و پاشناو: ئومێد ئیسماعیلی
شوێنی لەدایکبوون: ورمێ
ناوی دایک – باوک: سودابی شەریفی – کەریم
شوێن و کاتی شەهیدبوون: ١٣ی تەممووزی ٢٠١٩ / خواکورک



نازناو: زنار ڕاپەڕین
ناو و پاشناو: هێژار فەرزانە
شوێنی لەدایکبوون: ورمێ
ناوی دایک – باوک: نێرگز – عوسمان
شوێن و کاتی شەهیدبوون: ٢٠ی ئایاری ٢٠٢٥ / گارە



نازناو: سمکۆ ورمێ
ناو و پاشناو: تۆحید مورادی
شوێنی لەدایکبوون: ورمێ
ناوی دایک – باوک: هەدیە – ناجی
شوێن و کاتی شەهیدبوون: ٢٦ی ئاداری ٢٠١٨ / خواکورک



نازناو: عەگید هەرکی
ناو و پاشناو: بەجی مەنداهەکی
شوێنی لەدایکبوون: ورمێ
ناوی دایک – باوک: زەرێ – حاتەم
شوێن و کاتی شەهیدبوون: ١٥ی ئابی ٢٠١٤ / خواکورک



نازناو: ئەشرەف چیاگەر
ناو و پاشناو: میلاد عوسمانی مەکانی
شوێنی لەدایکبوون: ورمێ
ناوی دایک – باوک: زوڵەیخا – عیسا
شوێن و کاتی شەهیدبوون: ١٠ی تەممووزی ٢٠٢٢ / قەندیل.

***

ڕاگەیەندراوی ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنیی هەپەگە سەبارەت بە شەهید بوونی ١١ گەریلا بەم شێوەیەیە:

"هاوڕێمان باگەر ئاربەبا، ئاڵا کوردستان، چیا کوردستان، زنار دۆغا، خەبات چیا، ڕێبەر تێکۆشەر، خەیری تۆهەڵدان، ئومێد چیا مەهاباد، پیردۆغان ئاگرین، وەڵات شەپول و باهۆز سەقز کە لە کاتی جیاوازدا بەشداریان لە ڕیزەکانی گەریلاکانی ئازادیی کوردستاندا کرد و لە شوێن و کاتی جیاوازدا شەهید بوون، بە ڕێز، خۆشەویستی و پێزانینەوە بە بیر دەهێنینەوە.

خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو پرۆسە مێژوویەکەیدا لە دژی داگیرکاری، فشار و سیاسەتەکانی نکۆڵیکردن، هێڵێکی بەرخۆدانی بە ئیرادەی گرتۆتە بەر. شارەکانی مەهاباد، سەقز، بانە، پیرانشار، بۆکان و

سەردەشت لەم تێکۆشانەدا بە رۆڵی پێشەنگایەتی هەستان و شوێنی خۆیان لە ناو میژووی ئازادیماندا گرتووە. ڕۆڵە ولاتپارێزەکان و گەلەکەمان لەم جوگرافیایەدا لە دژی زوڵم تێکۆشانی ئازادییان لە ئەستۆ گرت. ئەم ملیتانتە فیداییانە سنووردارکانی داگیرکاری و سیستەمی ئێستایان ڕەت کردەوە، لە چیاکانی کوردستاندا بوونە پێشەنگی تێکۆشان. کەلتووری بەرخۆدان و هۆشیاری نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە کەسایەتیی ئەم فیداییانەدا بوو بە حەقیقەتی ئازادی و چالاکی. هەر یەکێک لەوان گوزارشتی لە بەهێزترین ئیرادەی بەرخۆدان لە دژی داگیرکاری کرد. ئەم فیداکارییە وەک قیبلەنمایەکی هەڵە نابێت و مەشخەڵێکی نەکوژاوەی تێکۆشانی ئازادیی گەلەکەمانە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان و تەواوی گەلی کورد بەردەوام خاوەندارێتی لە شەهیدە پیرۆزەکان دەکەن و هەمیشە لەسەر شوێنپێی ئەوان دەبن.

لەسەر ئەم بنەمایە سەرخۆشی لە بنەماڵە هێژاکانی هەڤاڵە شەهیدەکانمان، خەڵکی ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان و تەواوی گەلی ولاتپارێزی کورد دەکەین. بەڵێن دەدەین کە لە هەموو هەلومەرجێکدا دڵسۆزی یادەوەریی شەهیدەکانمان بین و ئامانجەکانیان بە دڵنیاییەوە بەدی بهێنین."

زانیارییەکان لەسەر ناسنامەی هاوڕێ شەهیدەکانمان بەمجۆرەیە:



ناسناو: باگەر ئاربەبا

ناو و پاشناو: نادر عەزیزی

شوێنی لەدایکبوون: بانە

ناوی دایک-باوک: شەرافەت-محەمەد

شوێن و کاتی شەهیدبوون: ١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦/ ئامەد

*** *** ***



ناسناو: ئالّا کوردستان

ناو و پاشناو: موحسین عەزیزی

شوێنی لەدایکبوون: سەقز

ناوی دایک-باوک: حومەیرا فەتاحی-موستەفا عەزیزی

شوێن و کاتی شەهیدبوون: ١٢ی ئاداری ٢٠١٠/ قەندیل

*** *** ***



ناسناو: چیا کوردستان

ناو و پاشناو: بایەزید تابانی

شوێنی لەدایکبوون: مەهاباد

ناوی دایک-باوک: زەرین-ئەبو بەکر

شوێن و کاتی شەهیدبوون: ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٢/ قەندیل

*** *** ***



ناسناو: زنار دۆگا

ناو و پاشناو: هێمن حەسەنپور

شوێنی لەدایکبوون: مەهابەد

ناوی دایک-باوک: گوڵسووم-عومەر

شوێن و کاتی شەهیدبوون: ٢٧ی نیسانی ٢٠١٩/ خنێرێ

*** *** ***



ناسناو: خەبات چیا

ناو و پاشناو: هادی زەردی

شوێنی لەدایکبوون: بانە

ناوی دایک-باوک: حەبیبە-ڕەحیم

شوێن و کاتی شەهیدبوون: ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨/ ئافاشین

*** *** ***



ناسناو: ڕێبەر تێکۆشەر

ناو و پاشناو: محەمەد جانی

شوێنی لەدایکبوون: پیرانشار

ناوی دایک-باوک: زبەد-خالد

شوێن و کاتی شەهیدبوون: ٢٢ی تەممووزی ٢٠١٩/ ئاڤاشین

*** *** ***



ناسناو: خەیری تۆهەڵدان

ناو و پاشناو: سامان تۆمانی

شوێنی لەدایکبوون: مەهاباد

ناوی دایک-باوک: بەیانا تۆلەمەجی-کامووران

شوێن و کاتی شەهیدبوون: ٣١ی گوڵانی ٢٠٢٢/ ڕۆژئاوا

*** *** ***



ناسناو: ئومێد چیا مەهاباد

ناو و پاشناو: سدیق فەتاحی

شوێنی لەدایکبوون: مەهاباد

ناوی دایک-باوک: لەیلا-ئیسماعیل

شوێن و کاتی شەهیدبوون: ١٠ی تەممووزی ٢٠١٧/ ئاڤاشین

*** *** ***



ناسناو: پیردۆغان ئاگرین

ناو و پاشناو: ئەیوب فەڤزی

شوێنی لەدایکبوون: بۆکان

ناوی دایک-باوک: مەریەم-محەمەد

شوێن و کاتی شەهیدبوون: ٢٥ی گوڵانی ٢٠٢٠/ خواکورک

*** *** ***



ناسناو: وەلّات شەپۆل

ناو و پاشناو: زەکریا ڕەسوولّی

شوێنی لەدایکبوون: سەردەشت

ناوی دایک-باوک: ئێران حەسەنپوور ئەکدەم-ئەبو بەکر

شوێن و کاتی شەهیدبوون: ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٤/ قەندیل

*** *** ***



ناسناو: باهۆز سەقز

ناو و پاشناو: دانیار نوری

شوێنی لەدایکبوون: سەقز

ناوی دایک-باوک: فەهیمە-محەمەد ئەمین

شوێن و کاتی شەهیدبوون: ١ی شوباتی ٢٠١٨/ قەندیل

سەرچاوە anf-news

دوای سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانیان و شەریکی خەمیانین کە هێندە لە چاوەڕوانی دیدار و بێ هەواڵی ئازایزانیان دا بوونە، دەبێ چەندە رۆڵەی تریش بوونەتە سیاسەتی چەوتی پ ک ک کە جارێ ئاشکرایان نەکردوون . وەک ڕەخنە لەم هەڵوێستەی پ ک ک لە سایتی پێشمەرگەکان دانرا .

15/11/2026